هەلیکۆپتەرێک لە ئیمارات بە سەرنشینکانەوە کەوتە خوارەوە و گیان بە دوایدا بەردەوامە

کەمپانیای فڕۆکەوانی مەدەنی ئیمارات ڕۆژی هەینی پشتڕاستی کردەوە کە ئاگادارکراوەتەوە لە کەوتنی خوارەوەی هەلیکۆپتەرێکی سەر بە کەمپانیای "ئەیرگولف" لە دەریادا.

ئاژانسی هەواڵی ئیمارات لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژە بەوە دەکات کە کەرتی لێکۆڵینەوەی ڕووداوە ئاسمانییەکانی ئیمارات لە دەوروبەری کاتژمێر 20:30ی شەوی پێنجشەممە هەلیکۆپتەرێک کەوتە خوارەوە، لە ڕاپۆرتەکدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەلیکۆپتەرەکی جۆری Bell212 کە سەر بە کەمپانیای ئایرگولف بووە کەوتەتە خوارەوە.

بەرپرسانی ئیمارات ڕایانگەیاند کە فڕۆکەکە دوو فڕۆکەوانی لە ڕۆگەزی میسری و ئەفریقای باشووری هەڵگرتووە لە کاتەکدا لە فڕۆکەیەکی ڕاهێنانی شەواندا بوون کە لە فڕۆکەخانەی نوودەوەتی ئەلمکتوم لە ئیمارات فڕی.

کەرتی لێکۆڵینەوەی دەسەڵاتی گشتی فڕۆکەوانی مەدەنی ئیمارات ڕایگەیاند، تیمەکانی گیان و ڕزگارکردن پاشماوەی فڕۆکەکەیان دەزیوەتەوە و هەشتا گیان بەدوای تیمی فڕۆکەکەدا بەردەوامە، لە کاتەکدا تیمی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوە ئاسمانییەکان گواستراونەتەوە بە شوێنی ڕووداوەکە.